# بارودۆخی کاکەیی لە ناوچەی گەرمیانی باشووری کوردستاندا

هەیاس مەحمود کاکەیی[1]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٠٤/٠٧ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢١/٠٥/٢٨

**پوختە**

کاکەییەکان وەک توێژێکی کوردەواری لە کوردستان لە دێرزەمانەوە (سەردەمی میدییەکان و کاشییەکان تا دەگاتە سەردەمی نوێ) مێژوویان هەیە. سەرەڕای ئەو هەموو بارودۆخە ناڵەبارەش کە بەسەریاندا هاتووە و مانەوەی خۆیان پاراستووە. لە ناوچەی گەرمیانی باشووری کوردستاندا چەندین میرنشینیان هەبووە، کە پایتەختیان داقوق بووە لە باشووری کەرکوکدا. لە میرنشینی ئەردەلان و میرنشینی بابانیش لە سەردەمی قاجارییەکان و عوسمانییەکان کاکەییەکان ڕۆڵیان هەبووە. دوای نەمانی میرنشینی بابان لە ساڵی١٨٥١، کاکە ییەکان دوچاری بارودۆخێکی ناڵەبار بوون، ناچار بوونە کۆچ بکەن و ناوچە و دێهاتەکانی خۆیان بە جێ بهێڵن لە هەورامان و شارەزوورەوە بۆ پشتی قەرەداغ بەرەو ناوچەکانی دەوروبەری شاری کەرکووک هاتوون، لەو شوێنانەی بە جێیان هێشتووە تا ئێستاش ئاسەواریان بە ناوی خۆیانەوە ماوە، پاشان لە باشووری داقوق لە هەژدە دێهاتدا دەگیرسێنەوە. هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تەعریبی ئەم ناوچانە دەستی پێ کردووە، دواتریش بەهۆی پەیدا بوونی تیرۆرستانی قاعیدە و داعش ئەو دێهاتانە چۆڵ کراون و کاکەییەکان ڕوو لە شارەکان دەکەن. بەهۆی ئەم شەڕانەوە لە ناوچەی کەرکووک نزیکەی٢٥٠ شەهید و بزربوویان هەیە. لە حاڵی ئێستاش بە هۆی جموجۆڵی داعش و کوشتاری عەرەبەکانی دەوروبەریان تەنیا چوار دێیان ماوە بە ژمارەیەکی کەم لە خێزان، ئەوانیش لە دڵەڕاوکێ و مەترسییەکی زۆردان کە هاوسنوورن لەگەل عەرەبە هاوردەکان، دەیانەوێ دەست بە سەر ماڵ و موڵک و زەوییەکانیاندا بگرن. کاکەییەکان بە گشتی لە شەڕ و ئاژاوە خۆیان بە دوور دەگرن، حەز لە پیکەوەژیان و ژیانێکی ئاشتییانە دەکەن، لێبوردەییان زۆرە، جگە لە پەیڕەوکردنی ڕاستی و پاکی، خاک و نیشتمانی خۆشیان خۆش دەوێت.

**وشە سەرەکییەکان:** کاکەیی، گەرمیان، باشووری کوردستان، تەعریب، یارسان.

١- لێکۆڵەر و نووسەر لە بواری مێژوو و ئەدەبیاتی یارسان. hayyas.kakay@yahoo.com

# شرایط کاکه‌یی منطقه‌ی گرمیان در جنوب کردستان

هیاس محمود کاکه‌یی[1]

تاریخ دریافت: ۱۴۰۰/۰۱/۱۸ تاریخ پذیرش: ۱۴۰۰/۰۳/۰۷

## چکیده

کاکه‌یی یکی از اقلیت‌های موجود در کردستان است که دیر زمانیست ( از زمان مادها و کاسی‌ها تا به امروز) دارای تاریخ هستند. هر چند شرایط بسیار ناگواری را هم تجربه کرده‌اند اما توانسته‌اند خود را حفظ کنند. در طول تاریخ چند دولت و میرنشین نیز در منطقه‌ی گرمیان جنوب کردستان داشته‌اند که پایتخت آنها داقوق در جنوب کرکوک بوده است. همین‌طور در میر نشینی اردلان و میر نشینی بابان در زمان قاجارها و عثمانی‌ها نیز بدون نقش نبوده‌اند. میرنشین بابان در سال ۱۸۵۱ میلادی افول می‌کند و از آن زمان کاکه‌ای‌ها شرایط نامساعدی برایشان به وجود می‌آید و همین مهم نیز سبب می‌شود تا دست به کوچی اجباری بزنند و منطقه و روستاهای خود را در شهرزور و هورامان و پشت قره داغ- که هنوز آثار موجودیت آن‌ها در آنجا هست- را تخلیه کنند و در کرکوک و داقوق قرار بگیرند. نزدیک به ۱۸ روستا به خاطر سیاست تعریب از جانب بغداد و از زمان شکل گیری دولت عراق تا به امروز با وجود داعش و القاعده تخلیه شده و می‌شوند و به سمت شهرها روانه می‌گردند. نزدیک به ۲۵۰ شهید و گمشده در کرکوک دارند، تنها ٤ روستا با جمعیتی اندک باقی مانده که آن‌ها نیز در هراس و نگرانی بسیار به سر می‌برند. به خاطر فعالیت‌های داعش و فشار اعرابی که به آنجا کوچانیده شده‌اند و با ایشان هم مرز می‌باشند بیم آن می‌رود که زمین و ملک آنها را بخواهند تصرف کنند. کاکه‌ای‌ها در کل از جنگ و آشوب طلبی بیزار هستند مگر آنکه کسی بخواهد بر آن‌ها حرجی وارد کند. بسیار به همزیستی مسالمت آمیز و صلح و دوستی اهمیت می‌دهند و علاوه بر وطن پرستی، تسامح و تساهل را مضاف بر راستی، پاکی در رفتار خود دارند.

**کلید واژه:** کاکه‌یی، گرمیان، جنوب کردستان، تعریب، یارسان.

۱- پژوهشگر زبان و ادبیات یارسان hayyas.kakay@yahoo.com

# Kakaee situation in Garmiyan area of southern Kurdistan

Hayyas Mahmood Kakay [1]

Recive data: 2021/04/07 Accpte data: 2021/05/28

**Abstract:**

Kakaee is one of the minorities in Kurdistan that has a long history (from the time of the Medes and Kassites to the present day). Although they have experienced very bad conditions, but they have been able to continue and maintain themselves. Throughout history, they had several emirates in the Garmian region of southern Kurdistan, its capital was Daquq, south of Kirkuk. They also played role in both emirates Ardalan and Baban during the Qajar and Ottoman periods. Aftre the fall of Baban dynasty in 1851, and since then the Kakaees have been facing unfavorable conditions, forcing them to migrate and relocate from Shahrazur, Horaman, and Qaradagh area and settled in 18 villages in Kirkuk and Daquq. Since the establishment of the Iraqi government to the present day due to Baghdad's policy of Arabization, the Garmiyan area faced Arabization and recently wast attacked by terrorist groups such as ISIL and Al Qaeda for that reason, Kakaee families left their homes and relocated to cities. There are about 250 kakaee people missing and murdered in Kirkuk, only 4 villages with a small population left, which are also in great fear. Due to the activities of ISIL and the pressure of the Arabs who have moved, they are feared that they will try to seize their land and property. The Kakaees are generally peaceful people and abhor the wars, they care much about peaceful coexistence and tolerance, they believe in truth, and purity in their behavior and practice, in addition, they are patriotic.

**Keywords:** Kakaee, Garmiyan, southern Kurdistan, Arabization, Yaresan.

1- Author and researcher of Yaresan language and literature. hayyas.kakay@yahoo.com

**پێشەکی**

بوونی کورد لە کوردستاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە کە بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، ئاسەوارە کۆنەکان کە لە سەرانسەریی خاکی کورستاندا هەیە، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. کاکەیی (یارسان) وەک ئایینێکی کۆنی کوردان، ئەویش مێژوویەکی کۆنی لە کوردستاندا هەیە. زۆربەی مێژونووسەکان کوردیان بە چیانشینەکان ناو بردووە، لە ساڵی **٩٣٤ز** کاکەییش بە کاهکاهی ناوی هاتووە (ئەیوب ڕۆستەم ل٢٥). لەبەرئەوەی کاکە یی بە درێژایی مێژوو لە بارودۆخێکی نالەباردا بووە، لە لایەن نەیارانەوە ڕووبەڕووی زوڵم و زۆرداری بووەتەوە ، کەسیش و هیچ لایەنێک غەمخۆریان نەبووە لەو ڕووداوانەی بە سەریاندا هاتووە، نووسەر و مێژوونووسانیش بە ئەرێنی باسیان لێوە نەکردوون، تەنها بە ئارەزوو و مەبەستی نەیاران نووسیویانە و لێیان کۆڵیوەتەوە، تەنانەت هەندێک لە نووسەر و مێژوونووسان لەم سەردەمانەشدا بە دروستی دەربارەیان نانووسن، یان تۆمەت و وتەی بێ بنەما دەربارەیان دەڵێنەوە.

لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین هەندێک ڕووناکی بخەینە سەر مێژووی یارسان (کاکەیی)، هەروەها مێژوو و بەسەرهاتەکانیان لە ناوچەی گەرمیان لە باشووری کوردستاندا باس بکەین.

یارسانییەکان لایەنگری فەلسەفەی تیشکهاوێژتن (الفلسفه الاشراقیه) کە فەیلەسوفی کورد شەهابەدین سەهرەوەردی (١١٥٣ ـ ١١٩١) یەکێک بووە لە لایەنگرانی ئەم فەلسەفەیە، لەسەر ئەوەش بە فیتی مەلا عەرەبە کان و فەرمانی سەلاحەدین ئەیوبی لە تەمەنی (٣٨ ساڵیدا) شەهید کراوە، پاشان نێونراوە بە (الشهید المقتول). (نەبەز ل٣٦). لە لایەکی کەشەوە، سی. جی. ئەدموندز ڕیشەی کاکەیی بۆ ڕێبازێکی سۆفی هە رێمی لوڕستان دەگەرێنێتەوە کە دواتر بەرەو ناوچەی هەورامان هاتووە بووەتە مەڵبەندی یەکەمی ئایینەکە. هەروەها کەریم زەند لە (ل٤٩٢) دا باسی تاکی کاکەیی دەکات کە ڕۆحی لێبوردەییان زۆرە بەرامبەر ئایینە کان و بڕواکانی تر، ڕێزی زانست و مەعریفەت دەگرن، بێدەنگیان و ریزگرتنیان هەیە لەگەڵ خۆڕاگری. بە گوێرەی سەرچاوەیەک گەورەترین بەدکاری لە ڕوانگەی ئەهلی هەق ئەمانەن: درۆکردن، فێڵبازی، دزیکردن، سوێند خواردن بە درۆ، هەرچەندە نکوڵی لە ئایینەکانی تر ناکەن، بگرە ڕێزیشیان دەگرن (میران ل٢٠٠)، لەگەڵ ئەوەی ئەهلی هەق وەک ئایین تا رادەیەک بە دوورە پەرێزی خۆیان پاراستووە، بەڵام هاوبە شیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەوایدا بەگشتی تا دێ تا رادەیەک زیاتر دەبێ و دوورە پەرێزییە کەشیان کەمتر دەبێتەوە و کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری زۆریان تیادا هەڵکەوتووە (میران ل٢٠٣). فوئاد حە

The Quarterly Journal of Shinrwe

مەخورشید لە (ل٨٩) و ئەدمونز لە(ل٤٩٢) دا، کاکەیی بە گشتی لە بناغەدا بە ڕێگایەکی سوفیگەری (دە روێشی) لە بواری ڕێکخستن و دروستبوونی مێژوویی و هاوبەشی ڕێگای سۆفیگەرییەکانی ترن.

### وشەی کاکەیی لە زمانی کوردیدا

کاکەیی لە زمانی کوردیدا بە مانای برا گەورە دێت (کەیوان ل١٠٢)، بنەرەتی ئەم وشەیە زۆر کۆنە. کاشییە کان کە بەشێکن لە باوباپیرانی کورد لە ناوچەی لوڕستانی ئێستادا حوکمڕانییان کردووە، یەکێک لە پاشاکانییان ناوی (ئاکوم کاک ڕیمی) بووە. مادەکان لە نێوان (٧٠٠ -٥٥٠ پ.ز.) فەرمانڕەوا بوون، وشەی (کەی) یان کردووە بە پێشگر بۆ ناولینانی منداڵان، بە تایبەت بۆ چینی دەسەڵاتداران وەک (کەیئەخسار = کاک خەسرەو) کە سێیەمین پادشای دەوڵەتی ماد بوو (٦٣٠ -٥٨٣ز.)(کەیوان ل١١٤)، کەیکاوس، کە یخودا.(گۆڤاری کەرکووک ژ٣٢ ل١٠٩). زاراوەی کاکا بۆ پێش دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام و پێش زایین دە گەڕێتەوە، کە چەند پادشای کوردستان ناسناوی (کاک، کاکا، کیکیا، یان هەڵگرتووە (کەیوان ل١١١)، کاکەیی یان کاهکاهی بۆ یەکەم جار بۆ دانیشتوانی ناوچەی سەر بە هەرێمی لوڕستان ناوی هاتووە، لە سەدە ی شازدەمی زایینی بەشێکیان ئاودیوی شارەزوور بوون، هاوکات هۆزی سارەلی کە ئەوانیش ئەهلی هەقن لە هۆزەکانی لیوای قەرەداغ بوون (زرار ل١٦). مەسعودی لە ساڵی ٩٣٣ز. دا ناوی هۆزە کورد چیانشینەکانی بە (کاهکاهی)بردووە (مروج الذهب ب٤ ل٧٦). لە سەردەمی مەغۆلەکان لە سەدەی حەوتەمی ک./ ١٣ ز. زانراوە کە لە دەقە مێژووییەکاندا ناو هاتووە وەک (مبارەزەدین کەک)، (حسامەدین کەک)... (عەباس عەزاوی ل٤). لە سەدەی ١١ز. ناوی بنەماڵەی (کاکۆیە) کە بە ناوی گەورەکەیان (کاکۆیە) لە ساڵی (٣٩٨ک/١٠٠٨ز.) حکومەتێکی لە ناوچەی (ڕەی، ئەسفەهان، هەمەدان) دروست کرد، واتە لە سەدەکانی ناوەڕاست زاراوەی (کاک) وەک ناوی کەسایەتییەک و ناوی حکومەتێکی کوردی بە کار هاتووە. بە شە هریاری هەورامانیش (٥٠١ک/ ١١٠٧ز.) لەلایەن موریدان و شوینکەوتووانییەوە لە بەر خۆشەویستی (کاکیس) ناو نراوە د. زرار (ل١٩). سی. جی. ئەدموندز (ل ١٦٧)، کەریم زەند (ل ١٦٨)، د. شاکر خە سباک (ل٤٩٢)دا هەمان ڕایان هەیە دەربارەی دەرکەوتنی ناوی کاکەیی لە سەردەمی سان سەهاک و ڕووداوی تەکیەی بەرزنجە. بەڵام دەرکەوتنی کاکەیی زۆر لەم مێژووانە کونترە، لەکاتی شۆڕشەکانی دژ بە ئەخمینییەکان لە لایەن نەوەکانی کەیقوباد باس لەوە دەکەن ئەگەر کاکەییەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەگەڵیان هاوکاری بکەن سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. واتە ناوی کاکەیی لە سەردەمی میدییەکان و بەڵکو لە پێشتریش هەبووە.

کاکەیی لە مێژووی کۆن و تا ئێستاش لە ناوچەی گەرمیان لە باشووری کوردستاندا هەن، کە بە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە هەژمار دەکرێن، لە پانتای خاکێکی پانوبەرین لە نێوان خانەقین لە ڕۆژهەڵات و زێی بچووک لە باکووری کەرکووک، لە ڕۆژهەڵاتەوە چیاکانی هەورامان تا لە باشوور بە چیای حەمرین کۆتایی دێت، کە ناوچەی دۆڵی کەرکووک و سلێمانی دەگرێتەوە جگە لە پشدەر و پایتەختەکەیان شاری کەرکووکە.

شاری (حەلوان) شارێکی دێرینی کاکەیی (یارسان) و هاوبیرانیان بووە، لە دێر زەمانەوە، سوپای عەرەب و ئیسلام لە پاش داگیرکردنی باشووری عێراق و کووت بە ناوی فتوحاتەوە، ڕوو دەکەنە مەدائین پایتەختی ساسانییەکان لە ناوچەکە، کە سەلمان پاکی ئێستایە لە باکووری شاری بەغدا. لەوێوە ڕوو دەکەنە کوردستان لە دەروازەی شاری حەلوانەوە، لە ناوچەی شاری حەلوان شەڕێکی خوێناوی ڕوو دەدات لە نێوان سوپای ساسانییەکان کە زوربەیان کورد بوونە لەگەڵ سوپای عەرەب، کوژراوێکی زۆر لە گۆرەپانی شەڕەکەدا دەبێت لە هەردوو لا، ڕووی زەوی بە لاشەی کوژراوەکان داپوشراوە کە بە عەرەبی دەڵێن (جلجلة الأرض) (جلجلة الأرض بالجثث = زەوی داپۆشراو بە لاشەی کوژراو)، بۆیە ناوی نراوە (جەلەولا) کە پاشان ئاوەدان بووەتەوە و بووە بەو شارەی ئێستا (یاسین، ل٩١). داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عەرەبەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە کورد بۆ ماوەی دوو سەدە بە چەک بەربەرەکانێی عەرەب بکەن. (نەبەز، ل٦٦).

شاری حەلوان و دەوروبەری، کاکەییەکان بە بنکە و ناوچەی خۆیان داناوە، ئەدەبیاتی خۆیان لە خەڵکی تر شاردۆتەوە، بۆیە کەمتر شوێنەوار و زانیاری و ئەدەبی ئەوان بەر چاو دەکەویٚ (هاشم کاکەیی ل١٣٠). خێڵی جورقان (گورگان) لە دەوروبەری حەلوان دەژین کە ڕۆژهەڵاتناسەکان بە گۆرانیان دەزانن، بەڵام محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی پێی وایە ئەم ناوە بۆ گۆران ناگەڕێتەوە. (شەرەفنامە ل١١٢).

لە سەردەمی خیلافەتی عەباسیدا بەتایبەت لەو کاتانەی خەلیفەکانی دەسەڵاتیان لاواز دەبێت، کورد بە نهێنی کەوتوونەتە چالاکی، لە ترسی کوشتن و بڕین نەیان وێراوە بە ئاشکرا باوەڕی خۆیان بە خەڵک بگەیەنن، بوونەتە ئامانجی گومان و تومەتبارکردن و بوختان بۆ کردن (نەبەز ل٦٨)، هەروەها، جموجۆڵی کورد لە کوردستان و لوڕستان بۆ خۆبەڕێوەبردن و ئازادبوون دەستی پێ کرد، وەک میرنشینی (عەیشانییەکان) لە ٩٦٠ز دا، کە ونداد و غانم کوڕانی میر ئەحمەد کوڕی عەلی عەیشانی لەگەڵ کوڕی خوشکیان حەسنەویە

کوڕی حوسین بەرزێکانی کوردی، میرنشینی حەسنەویەیان دامەزراند، پێکەوە ناوچەکەیان بەڕێوە دەبرد. عەیشانی و حەسنەویە دوو لقی خێڵی بەرزیکانییە کوردن (قادر محەمەد حەسەن ل٢١). لە کۆتایی سەدەی سێیەم خەڵکی شارەزوور دەستیان بە سەر ناوچەی خۆیاندا گرت، چونکە دەسەڵاتی عەیشانییەکان دەگە یشت بە شارەزوور. لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا، کورد پێ لە قۆناغێکی نوێ دەنێت کە بووژانەوەی سیاسی بە خۆیەوە دەبینێت، چونکە لەو سەردەمە و دواتر میرنشینە کوردییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا سەر هەڵدەدەن. (هەمان سەرچاوە ل٣١). لە سەرەتای سەدەی پێنجەم و پاش لاوازبوونی خە لیفەکانی عەباسی لە لوڕستان و کوردستان، واتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینە کوردەکان، حەسنەویە کوڕی حوسەین بەرزیکانی و کوڕەکەی بەدر و نەوەکانی فەزڵوییەکان دژ بە بڕوا و دەسەڵات بوون، کاتێک ئال بویە دەیلەمی لەگەڵ خەلیفەی ئیسلام لە بەغدا بوون، ڕێباز و ئایینی یارسان دەردەکەوێت چونکە دوای ئەوە چیدی بە نهێنی نەمایەوە. (گولمرادی ل٤٩).

لە سەردەمی خیلافەتی عەباسییەکان کاکەییان بە نوسەیری ناو براون، گوایە سوپاسالاری عەباسی بە ناوی (رائق) لە ساڵی ٩٩١ز. (٣٨١ ک) داوا لە نوسەیرییەکانی حەلوان دەکات دژ بە دروستبوونی دوڵەتی (عەیاری = عەنازی) بووەستنەوە. (هاشم کاکەیی ل١٣٠). بەڵام کاکەیی نوسەیری نین و پەیوەندیشیان بە نوسەیرییەوە نییە (ئەیوب ڕۆستەم ل٢٨١). عەباس عەزاویش لە لاپەرە ١٠٠دا هەمان ڕای ئەیوب ڕۆستەمی هە یە، کەچی مینۆرسکی ئایینی گۆرانەکان بە نوسەیری ناو دەبات، لەوانەیە ئەمەیان لە ڕێگای لە یەکچوونی هەڵەوە هاتبێت لە گەل نوسەیرییەکانی سووریا (نەجاتی عەبدالله ل١٤٣). محەمەد کوڕی نوسەیری نومە یری (٢٧٠ک/ ٨٨٤ز.) دامەزرێنەری نوسەیرییە بوو، لە ساتی دامەزراندنییەوە لای کورد نامۆ نەبووە، (فازو یان فادۆی) کوردی یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکان و هاوبیری محەمەد کوڕی نوسەیر، دواتر بایی خۆی جەماوەری لە کوردستان پەیدا کردووە، خورشید پاشا خەڵکی گوندی زەردەی لای سەرپولی زەهاو، هۆزی هەلیلانی کوردی و فەیلی و زۆربەی هۆزی گۆران کە ئەمانە ئەهلی هەقن، بە نوسەیری داناون (زرار ل٣٢). لای ئاییناسی عەرەب، نوسەیری نە بە ئایین و ئایینزایەتی بە کوردی و کوردستانی نەناسراوە (کەیوان ل١٤٣)، مەسیحییە کلدانییەکان لە سەر زەوی کاکەیی لە باشووری داقوق کەنیسەیان هەبووە لە دێی (لاشوم = لاسین) (گ. ک. زانیاری کورد ژ١٠ ل ٣٧٣). ئەمەیان پێش هاتنی سوپای عەرەب و ئیسلام بووە کە مە سیحییە کلدانییەکان لە لاسین و دەوروبەری داقوق نیشتەجێ بوونە، بەڵام ئێستا ئاسەواری لە لاسین ماوە بووەتە تەپۆڵکە، هەروەها دێی کلیسە لە تەنیشت داقوق کە ئێستا بووەتە عەرەبنشین.

شاری حەلوان شارێکی دێرینی کوردنشین بووە. لە تۆماری ئاشورییەکان ناوی هاتووە، کە دەکەوێتە سەر شاخی زاگرۆس و ١٩٠کم لە دووری بەغداوە هەڵکەوتووە، لە سەر ڕێگای بەغدا و تاراندایە، تەیمور لەنگ وێرانی کردووە، ئاسەوارەکەشی لە نزیک سەرپیلی زەهاوە، لە شوێنی شارۆچکەی (دەرەتەنگ) دروست کراوە.(هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٨٢).

دەوڵەتی (عەیاری =عەنازی) دەوڵەتێکی یارسانی بووە چونکە لە ساڵانی (٤٠٠/١٠١٠ز.) لە گەرمیان، ناوچەی کاکەیی (یارسان)شین بووە، ئەو دەوڵەتەش لە ساڵی (٤٢١/١٠٢٠ک) دامەزراوە لە سەر دەستی (أبو الفتح محەمەد بن عەیار) کە دەسەڵاتی بەسەر شاری حەلوان، دینوەر، شارەزوور، کرماشان هەبووە، خۆی سەرۆکی خێڵی شازنجانی کوردی بووە (هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٨٦) أبو الفتح و بەدری کوڕی پیشتر لە دەوڵەتی حەسنەویە (٢٨٠ک/٩٩٠ز) حوکمڕان بوون، و هەوڵیان داوە دەوڵەت لەدەستی حەسنەوییەکان زەوت بکەن و دەوڵەتی عەیاری یان عەنازی دروست بکەن و بەناوی خۆیەوە عەیاری و حوکمڕانی بکات، چونکە خزمایەتیش لە نێوانیاندا نەبووە.(شەرەفنامە ل٢٤١).

داقوق لە سەدەی سێ و چواری کۆچی سەنتەری میرنشینە کوردییەکان بووە، (حەسنەوی، عەنازی، جاوان)، لە سەردەمی مەغۆلەکان، تەتەر، ئاق قوینلو، قەرە قوینلو، جەلائیری، داقوق پارێزگایەکی سەربەخۆ بووە لە نێو ئەو دوڵەتانە (گ.ک. زانیاری کورد ل ٤٣٤). مەغۆل و تەتەر لە سەر باوەڕی شامانی بوون (داقوقی ل٢٣٦)، شامان پیاوە ئایینییەکانن کە نێوەندگیری دەکەن لە نێوان مرۆڤ و خودا (داقوقی ل٢٣٩)، قەرەقوینلو (مەڕە ڕەشەکان) پاشماوەی تیرە تورکەکانن، سەرۆکەکانیان هەمیشە لە لایەن نووسەرە ئۆرتۆدۆکسەکانەوە بە لە ئایین هەڵگەڕاوە تاوانبار کراون، بەوەی لە کۆلۆنییەکان قەرەقوینلو (لە ماکۆ و شیککی) ( لة ماكؤ و شيككى =واتة شكاك) ئەهلی هەقن (نەجاتی عەبداللە ل٦١).

ئەگەر بڕوای ئەهلی هەق وەک بڕوای قەرەقۆینلووەکانیش نەبێت، بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی مەڕە ڕەشەکان لە کەشوهەوایەکی ئازاددا پەرەی سەند (سی. جی. ئەدموندز ل١٧٨). گوڵمورادیش ناوی ئاق قۆینلو بە ئەهلی هەق دەبات.

داقوق دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەنازی تا ساڵی ٤٨٦ک/ ١٠٩٣ز، پاشان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، پاشان سەلجوقییەکان و مەغۆل و تەتەر هەرەسیان بە خیلافەتی عەباسی هیناوە، ناوچەکە بە گشتی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتیان. ئێران و جەزیرە و کوردستان و عێراقی عەرەبی و داقوقیش لەو ناوچانە بوون لە ساڵی (٦٩٤ک/ ١٢٩٥ز) کەوتنە ژێر قەڵەمڕەوی ئێلخانییەکان. پێش ئەوانیش ماوەیەک لە

ژێر دەسەڵاتی نوێنەرانی سەلاحەددین ئەیوبی بوو (گ. هاواری کەرکوک ل٦٩). جەلالەدین خوارەزم شاش پەلاماری داقوقی داوە و داگیری کردووە و ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتوانەکەی کوشتووە و شارەکە شی سوتاندووە (هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٧٠).

لە سەرەتای هاتنیان زەبروزەنگ و شەڕیان بەکار هێناوە بۆ داگیرکردنی ناوچە کوردستانییەکان، لەبەر ئە وەی میرنشینە کوردییەکان بەرگریان کردووە، پاشان سیاسەتی نەرم و لێخۆشبوونیان بە کار هێناوە، بۆیە زۆربەی میرنشینەکان لە سەردەمی توغرول بێگ پێش چوونی بۆ بەغدا لە ساڵی (٤٤٧ک/١٠٢٥ز) بە ئارە زوومەندانە چوونە ژێر فەرمانی سەلجوقییەکان (محەمەد حەسەن ل١٦٩). لەگەل ئەوەشدا میرنشینە کوردییە کان هەرچەندە پەیوەندیان دۆستانە بوو، بەڵام ناوە ناوە ساردی دەکەوتە نێوانیان بە تایبەت پاش توغرول بێگ کە دواجار بووە هۆی نەمانیان (هەمان سەرچاوە ل١٧٠), کاکەییەکان لە ناوچەی ئێستایان لە داقوق و کەرکووک، ناویان هاتووە و لە زەمانی مەغۆلەکان جەنگیان لەگەڵدا کردوون (شوانی ل١٨١).

پاش دابڕانی مەغۆلەکان لە ساڵی (٧٣٩ک/ ١٣٣٥ز)، داقوق و ناوچە کاکەییشینەکان بە گشتی کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵانییەکان، کە میرنشینەکەیان لە لایەن (بابا ئەردەڵانەوە) لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچی دامەزرا و شارەزوور و کەرکووکیش لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوو، میرنشینی ئەردەڵانییەکان میرنشینێکی یارسانی بوو، بابا ئەردەڵان یەکێکە لە شێخەکانی گۆران کاکەیی (گ.ک. زانیاری کورد ل٤٦٤). ئەردە ڵان ناوچەیەکە لە وڵاتی عەجەم لە کوردستان، کە بەشێکە لە عێراقی عەجەمی و گەورەترین شارەکانی (سنە و کرماشانە)بطرس بوستانی(ل٤١). دەسەڵاتداری میرنشینی ئەردەلان تا (٧٠٠ساڵ) بەردەوام بوو، پاشان لە لایەن قاجارییەکانەوە لە ساڵی(١٨٦٧ز.)وە کوتایی بە دەسەڵاتیان هات (ویک پیدیا).

کاکەییەکان (یارسانیان) لە سەردەمی میرنشینی ئەردەڵانییەکان باری ژیانیان ئاسایی بووەتەوە و جۆرە بووژانەوەیەکیان بە خۆوە بینیوە، ڕزگار بوونە لە گۆشار و توندوتیژی، یارسانییەکان کە لە سەرەتاوە لە دۆخێکی نهێنیدا بوون، بەڵام لە سەردەمی میرنشینی ئەردەلانییەکان بە شێوەی ئاینێکی سەربەخۆ ڕەگی داکوتاوە و زۆر گەشەی کردووە (نەبەز ل٣٤)، شارەزووریان کردووە بە جێگایەکی پیرۆز بۆ خۆیان (هاشم کاکەیی ل٤٢٥). ئەهلی هەق (یارسانیان) شارەزووریان لە لا پیرۆزە، چونکە لایان وایە (ڕۆژی قیامەت)لە شارەزوور دەبێت.(گ. ک. زانیاری کورد ل٥٣)(د. م. ا. ل٤١٨)، شارەزوور (زوری کوڕی زوهاک) ئاوە دانی کردووەتەوە، هۆلاکۆ لە ساڵی (٨٠٣ک)دا سوتاندوویەتی، پێش ئەویش یۆنانییەکان چەند جار کاولیان کردووە (نەبەز ل٦٠). شارەزوور چوارەم هەرێمی کارگێڕی بووە لە نێو شاخەکاندا لە نێوان هەولێر و

هەمەدان، ناوچەیەکی بەپیت بووە بۆ کشتوکاڵ و ئاوی زۆر بووە، تەپەی زۆری هەبووە لە ئاسەوار، بە داخە وە هەندێک لەم تەپانە کەوتوونەتە ژێر ئاوی دەربەندیخانەوە (کەریم زەند ل٧٠).

پاش شەڕی چاڵدێران ساڵی ١٥١٤ز لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان، بەپێی پەیماننامەی ئەماسیا لە ساڵی ١٥٥٥ز، کوردستان لە نێوان ئەو دوو دوڵەتەوە دابەش بوو، کوردستانی باشوور کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان (مەنوچەهر پارادۆست ل٣٩). یان بەپێی پەیماننامەی ئەرزەرۆمی ساڵی١٦٣٦ز. عێراق و باشووری کوردستان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان (د.لیژیگ ژیگیلل٣١)

کوردستانی باشوور، بابانییەکان کە لەگەل میرنشینی ئەردەڵانییەکان بوون، میرنشینی بابانیان ، لە سەر دە ستی (پیر بۆداق بەبی کوڕی میر ئەبداڵ)، جارِ دا لە نێوان ساڵانی (١٦٤٩ز -١٨٥٠ز) بەردەوام بوو(شەرە فنامە ل٤٤٣). عوسمانییەکان ئەم میرنشینەیان قبوڵ کرد وەک پاداشتێک، چونکە بابانییەکان بەرەنگاری سە فەوییەکان بوونەتەوە .(ویک پیدیا). نازناوی بابانی کە لە بابانەوە گۆڕاوە، نازناوی ڕۆحی تایبەت بە پیاوە ئایینیەکانی کاکەییە، کە پاشان دەوترا ئەهلی هەق (شەرەفنامە ل٤٥١). هەندێ سەرۆکی بابانییەکان لە ڕێوڕە سمی یارسانی دەستیان هەڵگرتووە و چوونەتە ژێر ڕکیفی مەزهەبێکی ئیسلام، بۆیە مامەڵەیان لەگەل کاکەییە کانی باشوور کوردستانی کە لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوون باش نەبووە، زوڵم و زۆریان لە شارەزوور بەرامبەر کاکەییەکان کردووە (ئاکو شاوەیس ل٥٩). دوای موسڵمان بوونی خەڵکانی هەورامان لە سەدەی (٤، ٥ ک.)، گۆشش بۆ پەرەپێدانی ئیسلام لە ناوچەکە گوشاریان خستووەتە سەر یارسانییەکان بە بیانوی بوختانکردن، کە لە ئاکامدا یارسانییەکان ناچار دەبن ناوچەکە بە جێ دەهێڵن، واتە لە سەردەمی عەباسییە کان ڕووی داوە و ئەمەی سەردەمی بابانییەکانیش درێژە پێ دەری ئەو مێژووە بووە (تەیب تاهری ل٥٨٤).

بابانییەکان میرنشینەکەیان فراوان بوو لە سیروان و دیالا تا زێی بچووک، کە عوسمانییەکان دەسەڵاتیان بە سەر بابانییەکاندا پەیدا کرد، دەسەڵاتی میرنشینەکەیان لە ساڵی (١١٢٩ک/ ١٧١٧ز) دایە دەست موسڵمان بووەکان بەو شێوەیە بەردەوام بوو تا ساڵی (١٨٥١ز/١٢٦٧ک) کە بە یەکجاری کۆتایی هات. یەکێک لە میری بابانییەکان بەپێی پاداشتەکانی خۆی ئایینی یارسانی پەیرەو کردووە چونکە بابانییەکان خۆیان لە تیرەی (باوە) بوونە (ئاکوشاوەیس ل٧٤).

بارودۆخی نالەبار کە ڕووی دابێتە سەر کاکەییەکان لە شارەزوور و هەوراماندا وای کردووە ناوچەکە بە جێ بهیڵن بەرەو گەرمیان و دەوروبەری کەرکووک (نوری یاسین ل٢٩). یان زۆریان دەستیان لە ڕێوڕەسمی یارسانی هەڵگرتووە. کاکەییەکان بە زۆری پیشەیان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە، بەهۆی گوشار و زوڵم و

زورداری کە لەسەریان بووە کەوتوونەتە ژێر بارودۆخێکی نهێنییەوە (سرِ مەگو)، زانیاریان بە زەحمەت درکاندووە بە هۆی ئەوەی کە ترساون لە ناوبچن هەر وەک چۆن پێشتر لە ناوچوون و پەرش و بڵاو بوونەتە وە بە تایبەت لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا (سمکۆ محەمەد ل٥٨)، هەروەها پەیوەندی کورد بە کەمینە ئایینیە ناموسڵمانەکانەوە بەپێی ڕۆژگار گۆڕاوە، هەندێ جار دەستدریژی و ئەتککردن بووەتە هۆی شەڕ و کوشتاری گەورە و قڕانکردن(لیژەگ ژیگیل ل٣٥)، کاکەییەکان (یارسانەکان) لەگەل دەوروبەر تێکەڵ نە بوون، بەو هۆیەشەوە تیر و توانج و تۆمەتی جۆراوجۆری بێ بنەمایان پێ گوتراوە، کە بووەتە هۆی زەرە روزیانی زۆر بە تایبەت کە ناکۆکییان لەگەل دەوروبەر بۆ پەیدا بووە.

پاش بەجێهیشتنی شارەزوور و هەورامان، کەوتوونەتە باشووری چیای قەرەداغ و ناوچەکانی جێنشینی هە مەوەند و زەنگەنە و بنارگل و قەرەحەسەن تا ناوچەی عەشیرەتی داودە و تاڵەبانی لە داقوق و ناو شاری کە رکووک کە گەورەترین هۆزەکانی ناوچەی داقوق کاکەیی بوون، لەم ناوچەیە لە (١٨) گوند لە باشووری داقوق نیشتەجێ بوون (گ. هاواری کەرکووک ل٧٤) لە لای ڕۆژهەڵاتیشەوە بۆ مەندەلی و خانەقین، ئاسە واریان تا ئێستاش لەو ناوچانەی جێنشین بوونە ماوە، وەک ماڵ و موڵک قەبرستانەکانیان کە لە ئەتلەسی ئاسەواری عێراقی لەو دێهاتانەی جێنشین بوونە دیاری کراوە، هەر لە قەرە حەسەن (لەیلان) و بنار گل و قادرکەرەمەوە تا سەنگاو و قەرەداغ سەرەڕای ئەوانەی لە شارەزوور و هەورامان بە جێ ماون. ئەو موڵکانەی کاتی خۆی بە جێیان هیشتووە تا ئێستاش بە ناوی خۆیانەوەیە لە تاپۆی عێراقی و عوسمانی. پاش ئەوەی بە ریتانیا و فەرەنسا دەوڵەتی ناسیۆنالیان بۆ تورک و عەرەب و فارس دامەزراند، (یەزیدییەکان و یارسانییەکان و عەلەوییەکان) بوونە ئامانجی کۆمەڵکوژی بە دەستی ئەو داگیرکەرانە، کە لەوانەدا هەندێ کوردی نابە ڕپرسیاریش دەستیان لەو کارانە یان هاندان بۆ ئەو کارانە هەبووە (نەبەز ل٦٨). تەنانەت تورکیا و ئێران لە سە دەی حەڤدە و هەژدەی زایینیدا، هەر یەک بۆ بەرژەوەندی خۆی هەوڵی داوە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بۆ خۆی ڕابکێشی و دژ بە ناحەز و نەیاران بەکاریان بهێنێت (لیژەگ ژیگیل ل٣٢).

مەرقەد یان مەقامی پیران و پیاوە ئایینیەکانی کاکەیی لە گەرمیانەوە تا شارەزوور بەرچاو دەکەون کە زۆربەیان لە مێژوودا لە ئەنجامی بەرگریکردن لە خۆیان و هاوبیرانیان شەهید بوونە، ئەو ئاسەوارانە دەسەلمێنن کە ئەو ناوچانەی گەرمیان تا شارەزوور و چیاکانی هەورامانی کاکەیی تێدا نیشتەجی بوونە، هەرچەندە هە ندێ لەو ئاسەوارانە کەوتوونەتە بەر تەعریب و سڕینەوە و لەناوبردن تا لە ڕەسەنایەتی کوردەواری و پەیوە ندییان بە کاکەییەوە نەمێنی، لەو ئاسەوارانەی کە بەناوی (باوە) یان (پیر) هاتوون پیاوانی ئایینی و سەرپە

رشتیکەری ڕێی و ڕچەی یارسان بوونە، بەڵکو زۆریشیان بزر کراون یان نەزانراون، لەوانە: مەقامی بابا تاهیر، باوە گورزەدین، لە قەزانیە سەر بە شاری مەندەلی، باوە پڵاوی، باوە گڵاوی، شێخ باوە، لە مەندەلین، باوە مەحمود لە خانەقین، باوە نوور لە کەلار، باوە شاسوار لە کفری، باوە گل لە خورماتوو، باوە گوڕگوڕ لە کە رکووک، ئاوایی باوە مەلەک لە کەرکووک، (هاشم کاکەیی ل٢٢٠). باوە فەتحی لە کەرکووک، باوە گورجی لە مەندەلی، بابا گۆهی لە باکووری ڕۆژئاوای مەندەلی، باوە قوچ(باقوج) گۆڕێکی کونە لە دیالا دەکەوێتە قەڵای بالییە یان پێی دەوترێت (قوچ قەلەندەر)، باوە حافز لە مەندەلی، پیر محەمەد لە مەندەلی، بنیامین لە بەلەدروز بە (نەبی تەهران) ناسراوە، پیر خدرشاهۆ لە سەر بەمو، ئۆمەرمەندان لە کەرکووک، (بناغە ی ئەم تەکیە باوەکانی کاکەییە بە جی ماوە) غەیرە کاکەیی دەستی بە سەردا گرتووە یان لە هەڵگەڕاوەکانی کاکەیین، عەلەمدار لە خانەقین (باوە مەحموودە پێی دەوترێت عەلەمدار یان باوە پڵاوی) (هاشم کاکەیی ل٣٦١). باوە کۆچەک لە شوان، باوە فەتێ لە چەمچەماڵ، باوە زەواڵ لە پیرەمەگروون، باوە ئەسکەندەر لە تەویلە، بابا قەیسەر لە گوندی بابا قەیسەر لە هەڵەبجە، قەڵای باوە جان لە گوندی دەرەتوێ... تاد، هەندی شوێنەواری کە وەک قەڵا و خانووەکان تا ئێستاش ئاسەواریان ماوە لەوانە : نەوێ، نۆمەدەرە، سایە قەڵا، قە ڵای هەوارە کۆن، ئەمانە هی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەواکانی هەورامان بوونە (ئاکۆ شاوەیش ل٥٢). مەرقە دی ئەحمەد برندە لە گوندی ئەحمەد برندە، تاشی هورین لە قەزای دەربەندیخان، مەزاری باباکانی (باوە کانی) لە سلێمانی، (لە گوندی هاوار خەڵوەتگای هەیە)، سەراو دوو دەرە، چادرگاە ـ کانیاوی چەمەگری پیرۆز، کانیاوی شانشالە هاوار، گاکوژە (کە مێژوویەکی دێرینی هەیە نزیکەی پێنج هەزار پێ لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە، شنروێ، خەڵوەتگای کاکەی جاور، پیر قەمەر سەراو قوماشی لە ڕۆژئاوای گوندی هاوار، باوە نور (بابانور) لە ناحیەی پیپاز کە ساڵانی پەنجاکان بە باوە نوور ناسراوە (ئاکو شاوەیس ل٧٣).

هەندێک شوێنی دیکەی پیرۆزی یارسانەکان وەک : دێی هاوار، دێی موردین، قەڵای سیما، تەپەسۆ، سەفا لە شارەزوور، کەلی داود (دوکانی داود) لە سەرپیلی زەهاو، مەرنوێ (ئەشکەوتی مەرنوێ)، دەرە شیش، میری سوور، مەزاری باوە یادگار لە دێی سەرانە یان زەردە، دزاوەر (ئەیوب ڕۆستەم ل٢١٠).

ئەم هەموو مەرقەد و مەقام و ئاسەوارانەی یارسان لە ناوچەی گەرمیاندا هەیە، کە لەوانەیە هێشتا هە ندێکیان نەناسراو بێت یان شێوێندرابێت یان بەر داگیرکردن کەوت بێت. ئەمانە دەیسەلمێنن کە ناوچەی گە رمیان بە گشتی شوێنی نیشتەجێبوونی یارسانیان بووە، بێگومان ئەمە مێژووە و چەواشەکاری و حاشالێکردن قبوڵ ناکات.

کاکەییەکان پێش ئەوەی لە باشووری داقوق کۆ ببنەوە، ناوچە و دێهاتەکانیان کە لێی نیشتەجێ بوونە و بە جێ ماوە ئەمانەن: قەرەحەسەن (لەیلان)، مامشە، باداوە، حەسار، قەلغانلو، بەیانلو، تەپەلو، سۆراو، هەفتە غار، لە چەمچەماڵ: چوڵمەک، کەوەڵە، هەڕاوە، گورگەیی، دامرقاپی، سیامەنسور، میل ناسر، عەلیاوە، کولە کانی، ئاغجەمەشە، خدر وەلی، تالاو، سنگور، داربەسەرە، خاڵوبازیانی، جگە لە سەنتەری کەرکووک لە گەرەکی چای (هاشم کاکەیی(٢١٧). هەندێ گوندی کە ئەدموندز دیاری دەکات وەک: تەپەلوی گچکە ، تەپەلوی گەورە، چیرمەگە زیارات، شوراو، جونلاور، (ئەدموندز ل١٧٨). گوندەکانی بنار قەرەداغ یان گوندەکانی باشووری کەرکووک(ئیدریس، ئەبوگەسە، خەبازە) کە لە ساڵانی **١٩٦٣**دا لەلایەن عەرەبەکانی دەوروبەر داگیر کران، کاکەییەکانیش ناچارکران بە جێیان هێشت،.

نەوەکانی سەید محەمەد(سەید وەلەد و سەید خەلیل) ئەفسەر بوونە لە سوپای عوسمانی، عوسمانییەکان لە جیاتی مانگانە زەویوزاری دابەش کردووە بە سەر سوپاکاندا، کە بووە هۆی دروست بوونی دەرەبەگایەتی سوپایی (الاقطاع العسكري)، لەبەر ئەوەی سەرۆک عەشیرەتەکان لە سوپا بوون، زەویی کشتوکاڵی زۆریان درایە بەبێ بەرامبەر یان بە نرخێکی هەرزان لە ناوچەی داقوق، خەڵکەکە لەبەر ناکۆکی خێڵەکانی دەوروبەریان هەموو ناوچەکانی خۆیان بە جێ هێشت و هاتن لە داقوق نیشتەجێ بوون (نوری یاسین هەرزانی ل٤٩).

سەید وەلەد و سەید خەلیل سوپایەکیان پێک هینابوو لە کاکەییەکان لە نیو سوپای عوسمانی، ئەو سوپایە پێکهاتبوو لە (٧٠٠پیادە) و(٥٠٠ سوار)، سەید خەلیل پاشان هاتووە لە دیی لاسین نیشتەجێ بووە بۆ سەرپەرشتی کاکەییەکان لەو دیهاتانە پاشان چووەتە دێی تۆپزاوە (هاشم کاکەیی ل٢٢٦). دێهاتەکانی کاکەیی لە باشووری داقوق بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٢ز هەژدە دێهات بوونە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی سەدەی نۆزدەم، کە سەیدەکان (ڕۆستەم، خەلیل، وەلەد) کوڕی سەید محەمەد ئەو زەویوزارەیان کڕیوە و موریدەکانیان لە ناوچە شاخاوییەکاندا هیناوەتە خوارووی داقوق (سی. جی. ئەدموندز ل١٧٤). سەید وەلەد و سەید خەلیل سەرەڕای ئەوەی لە سوپا بوونە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی و دادگای سوپا بوونە لە کەرکووک (نوری یاسین ل٢٣٠).

دێهاتەکانی کاکەیی ئەمانەن : ئەلبو سەراج، عەلی سەرای، ئەلبو محەمەد، دەلسی گەورە، دەلسی گچکە، لاسین (ئاسەوارە)، تۆبزاوە، مەتیق، (هاشم کاکەیی ل٢٢٠). دێهاتەکانیتر: عەدنانییە (ئاسەوارە)، عەرەب کۆی (کوبانی)، سیکانی، بانشاخ، تەلرابعە، گومبز، قەتارەکان، دێی سەید عەلی و سەید وەلی

برای، سیود، ناوی هەندێک دێی تر هاتوون ئەگەر زەوی کاکەیش بێت وابزانم عەرەبنشین بوونە وەک: مره بەعە، حەشیشە، شەپەلاح، کەچی ناوی دێی عەلوەت پاشا و خورز نەهاتووە، جگە لەوەی ڕزگاری کە لەم دواییانە ئاوەدان کراوەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی داقوق سێ دێی کە لە باشووری کەرکووک کە داگیر کرا گوندی ئیدریس، کاعوبە، خەبازە، ئەلبوکەسە. کاکەیی نیشتەجێی شاری خورماتوو و کفری و کەلار هەن، لە حە ویجەش پەنجا ماڵ کاکەیی چولمەک هەبوون پاش پەیدابوونە قاعیدە و داعش چۆڵیان کرد و هاتنە ناو شاری کەرکووکەوە. هاشم کاکەیی لە ل٢٢٥دا باسی (١٥٠٠)بنەماڵەی کاکانلو دەکات لە پارێزگای کە رکووک لە نێوان حەویجە و زێی بچووک، عەباس عەزاویش لە ل ٣٦دا باسی دێی ئەسکی سەرای دەکات کە ئاسەواری نەماوە. هەروەها لە نێو شاری کەرکووک لە گەڕەکی چای، و دەڵێن گەڕەکی ئاخر حوسین پیاوێکی کاکەیی یەکەم کەس بووە، لەوێ نیشتەجێ بووە، ناوەکەی لە کاک حوسین بووەتە عەرەبی (اخی حسین) پاشان گۆڕاوە بۆ ئاخر حوسین، پاش ئەوەی دانیشتوانەکان زۆر بوونەتەوە(شوانی ل١٨٠).

**پرۆژەی بەعەرەبکردنی ناوچەکانیان**

یەکەم هەنگاوی بەعەرەبکردنی ناوچەکانی دەوروبەری شاری کەرکووک لە سەر دەستی خیلافەتی عوسمانی بوو، کە عەرەبە کۆچەرییەکانی لە شاخی حەمرین پەڕاندەوە بەرەو ناوچەکانی کەرکووک بۆ ئەوە ی ڕێژەی سوننە لە کەرکووک زیاد بکات. لە سەردەمی دوڵەتی عێراقیش پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، لە سەرەتای وزارەتی یاسین هاشمی پلانی پرۆژەی بەعەرەبکردن لە سەردەمی مەلیک غازیدا داڕشتبوو بۆ نیشتەجێکردنی هۆزی عەرەبی عوبیدی کۆچەر و بیاباننشین لە باشووری کەرکووک. (د. نوری تالەبانی ل٥٢). لە ساڵی **١٩٣٧** لە حەویجە نیشتەجێ کران (گ. کەرکووک الیوم ل١٩). پاش تەواو بوونی پرۆژەی ئاوی حەویجە کە لە زێی بچووکەوە ئاوی دەبرد (گ. هاواری کەرکووک ل١٢٩)، لە ساڵی **١٩٦٣** جارێکی تر بەعەرەبکردنی گوندەکانی دەوروبەری کەرکووک دەستی پێ کردەوە، بەتایبەت ئەو گوندە کاکە ییشینانەی باشووری کەرکووک بە ناوی (ئیدریس، ئەبو کەسە، غەبازە، کاعوبە)، لە ساڵی **١٩٦٨** کە ڕژێمی بەعس بۆ دووەم جار دەسەڵاتیان گرتە دەست، بە زەقی پرۆژەی بەعەرەبکردنیان دەست پێ کرد. لە ناوچە و دێهاتەکانی کەرکووک بەتایبەت دێهاتەکانی کاکەیی و هەموو عەشیرەتەکانی تر وەک داودە و تاڵەبانی، کە خانووی هاوچەرخی بۆ دروست دەکردن لە سەر زەویوزاری کوردەکان، هەندێک زەویی میری دابەش دەکرا بەسەریانا و لەوێ جێ نشین دەکران (گ. کەرکووک ل٢٦).

گوندەکانی کاکەیی کە بەر ئەم پرۆژەیە کەوت، دێهاتە دێمەکاڵییەکان بوون لە ساڵی ١٩٧١ کە ڕژێم لە کفتوگۆدا بوو لەگەڵ سەرکردایەتی کورد بەپێی ڕێککەوتننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ئەو دیهاتانە پێنج دێ بوون (قەتارەکان، سەید عەلی و سەید وەلی، بانشاخ، سیود، سیکانی). ڕژێم شیخێکی عوبید بە ناوی (عە لی دەحام) دەست نیشان کردبوو بۆ ئەو پرۆژەیە، کە بە هیزو پارەی زۆرەوە دەستی دایی، چ بە کڕین بە ئارەزوو یان بە گوشار، پاش ئەوە کاکەییەکان دەردەکران و عەرەبی هاوردە جێنشین دەکران و زەویوزارە کان دابەش دەکرا بە سەریانا و هەموو خزمەتگوزاییەکیان بۆ دەکرا سەرەڕای دروستکرنی خانووی هاوچە رخ بەبێ بەرامبەر. ئینجا هەر گوندێکی کاکەیی یان گوندە کوردنشینەکانی تر، چەند ماڵێکی عەرەب تیایدا نیشەجێ دەکرا وەک ڕەقیب، یان هەنگاوی یەکەمی بەعەرەبکردن، کە گوندی مەتیق یەکەم گوند بوو عە رەبی تێدا نیشتەجێ کرا، کە لە ئەنجامی شەڕ و ململانێی نێوان عەرەب و کاکەییەکان دوو کەسی کاکەیی شەهید کران بەناوی (مام هەیاس و مام خورشید) کە ڕژێم بە چەکی قورسەوە پاڵپشتیانی دەکرد لەو شەڕە دا. لە سەرەتای سالآنی حەفتادا پیاوانی ئایینی موسڵمان هەڕەشەی زۆریان لە ئەهلی هەق (یارسان) کردووە، خەڵکیان هان داوە کە ئەم کافرانە لە ناو بەرن، کارەکە گەورە بووە، ئەهلی هەق ناچار بوون پەنایان بردووەتە بەر سوپای عێراق تا بیان پارێزێ، سوپاش بە خۆشحاڵییەوە بە دەنگیانەوە هاتوون، لە بەر ئەوەی ناوچەکانیان بە دەستی پێشمەرگەوە بووە، کاتێک ئەهلی هەق لە مەرامی سوپای عێراق گەیشتوون زۆر لە داواکارییە کانیان پەشیمان بوونەتەوە، سکاڵایان ئاراستەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد کردووە... (میران ل٢٠١)، هەروەها حکومەتی عێراق ناوچە سنوورییەکانی چۆڵ دەکرد، کاتێک سوپای عێراق گەیشتووەتە هاوار (کاکەیی) لە ساڵی ١٩٧٤ بۆ کاولکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی، لە سەر ئەو حاڵەش خەڵکەکەیان ئازار داوە، خۆشبەختانە ئەفسەرێکی ئێزیدی لەگەل ئەو هێزە بووە، یەکسەر داکۆکی لەم خەڵکە کردووە و نە یهێشتووە چیتر ئازاریان بدەن (میران ل٢٣٣). لە ساڵی ١٩٧٥ پاش ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێران و هەرەسهینانی شۆرشی کورد، ڕژێم بە ئاشکرا و بەبێ ترس دەستی دایە داگیرکردنی دێهات و زە ویوزاری کوردەکان و هاوردەکردنی عەرەب بۆ جیگاکانیان و خزمەتگوزاری و ئاسانکاری تەواویان بۆ دە کرا، کۆمەڵگای هاوچەرخیان بۆ دروست دەکرا، ئەو دێهاتانەی لەم هەنگاوە بەر ئەو شاڵاوە کەوتن (گومبز، تەلرابعە، دەلسی گەورە، دەلسی بچووک، روبیزە، مەتیق، رزگاری کە بەناوی جەمعییەی هەرەوەرزی) کرابوو، دێهاتەکانی تریش هەر دێی چەند ماڵێکی عەرەب نیشتەجێ کرابوون وەک ڕەقیب، لەوانە دێی توبزاوە، عەرەبکۆی، مەتیق، ئەلبو محەمەد، گفتۆگۆکردن لەگەڵ مەهدی موبارەک کاکەیی بەڕێوەبەری

گشتیی کشتوکاڵ لە پارێزگای شاری کەرکووک دەربارەی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی دێهاتە کاکەییەکان کە عەرەب داگیری کردوون بە پشتیوانی رژێمی پێشووی عێراق و بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە ٨٢٤ لە ساڵی ١٩٧٦ نزیکەی (٢٥هەزار) دۆنم زەوییە، کە هەندێکیان بە هۆی گوشاری عەرەبەکانەوە ، گوندنشینەکان کۆچیان کردووە بۆ شار و شارۆچکەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بە جێ هێشتووە وعە رەبەکان دەستیان بە سەردا گرتووە، یان هەندێکی تر بە بیانوی دروستکردنی پڕۆژە گوایە لە لایەن حکومەتە وە، کە پاشان هەڵوەشاوەتەوە عەرەبەکانی ناوچەکەی دەوروبەری گوندەکانی کاکەیی دەستیان بەسەردا گرتووە لەگەڵ عەرەبی هاوردە، بارودۆخی نالەباری کاکەییەکان بەو شێوەیە تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو. کە شەڕی کەنداوی یەکەم دەستی پێ کرد، لەو سەردەمەوە تا ساڵی ٢٠٠٠ سەرەڕای لاوازبوونی ڕژێم، جارێکی تر دەستی دایە بە عەرەبکردن بە شێوازێکی تر، کە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا جێگری کۆماری ڕژێم بە پارێزگاری کەرکووکی راسپاردبوو، دەبێت ئەو کوردانەی ماون لە کەرکووک بکرێن بە عەرەب یان برۆنە دە رەوەی شارەکە و دەوروبەری (گ.کەرکوک الیوم ل٢٦)، ئەو پرۆژەیە بەناوی گۆڕینی نەتەوەی (تصحیح القومیة)، ئەگەر ئەو کوردەی ئەو کارەی نەکردبا یان دەردەکرا یانیش لە فەرمانگەکان هیچ کارێکی بۆ جێبەجێ نەدەکرا، لە سەرژمێری ساڵی١٩٧٧ خێڵی کوردی کاکەیی بە عەرەب نووسرابوون (نوری تالەبانی ل٩٨).

لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێم ڕووخا، ئەمەریکا سنوورەکانی عێراقی واڵا کرد، تیرۆریستانی قاعیدە خزانە ناو شار و دێهاتەکانی عێراقەوە، کە بەشێکیان لە کەرکووک و دەوروبەری بوون، لە ناوچەی داقوق مەترسییەکی زۆریان دروست کرد، کە ژمارەیەک لە کاکەییەکانی ناوچەی گەرمیان تیرۆر کران، بارودۆخێکی نالەبار و نائارام دروست بوو، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی گوندە کاکەییەکان زێدی باوباپیرانیان بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە شارەکان. بە دەرکەوتنی داعش و کشانەوەی سوپای عێراق لە شارەکان و زۆربە ی ناوچەکان، ئاڵۆزییەکی زیاتری دروست کرد، ترس و نائارامی وای کرد ژمارەیەکی تر لە گوندنشینەکان ڕوو بکەنە شارەکان، بەتایبەت پاش ئەوەی ژمارەیەکی دیکە لە کاکەییەکانی ناوچەکە بوونە قوربانی بە دە ستی داعش، هێزێکی چەکداری بە ناوی هێزی پێشمەرگەی کاکەیی پێک هێنرا لە دێهاتەکانی کاکەیی بۆ پارێزگاری ناوچەکە، ئەوانیش پاش (١٦ ئوکتۆبەر) ی ساڵی٢٠١٧ بە هۆی هێرشی سوپای عێراق لەگەڵ ژمارەیەک خێزان ناوچەکەیان بە جێ هیشت. لەم بارەدا کاکەییە گوندنشینەکان و ئەوانی داقوق و ناو شاری کەرکووک، تووشی نائارامی و دڵەڕاوکی بوون، چونکە ناوچەکە کراوە بوو بۆ تیرۆریستانی داعش.

بە هەوڵ و تەقەلای چالاکوانانی مەدەنی و هەندێ لایەنی تر هێزێکی سوپای عێراق هاتووەتە ناوچەی کاکە یینشینەکان بە مەبەستی پارێزگاری، کەچی دانیشتوانی گوندەکانی نزیک سنووری گوندە عەرەبنشینەکان کە مەڵبەندی حەسانەوەی داعش بوون، دێهاتەکانیان چۆڵ کردووە تەنها چەند ماڵێکی ئاژەڵدار نەبێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، وەک گوندە زەنقر و عەلی سەرای، کەچی گوندی عەلوەت پاشا بە شەو چوڵە و بە ڕۆژ خەڵکەکە دەچنە سەر زەویوزاریان، دێی ئەلبو محەممەد تەنها عەرەبەکان ماون بەڵکو هی تریش هاتوونە، دێی عەرەبکۆی کاکەیی تیادا نەماوە، لەو ناوەدا تەنها دێی تۆبزاوە بە ئاوەدانی ماوەتەوە، دێی مەتیقیش چۆڵ کراوە، دێی ڕزگاری نزیک داقوق ئاوەدانە. ژمارەی شەهیدەکانی دەستی قاعیدە و داعش لە ناوچەی گەرمیان نزیکەی سێ سەد شەهید دەبن (هاشم کاکەیی ل٤٢٥). دەربارەی کاکەییەکانی دانیشتوانی ناوچەی خانەقین و مەندەلی، کە ئەوانیش ماڵوێرانی زۆریان بە سەردا هاتووە لە بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و شەهیدبوون بە درێژایی حوکمڕانی بەعس و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت. پێم وایە یەکێکی خاوەن قەڵەمی دانیشتووی ئەو ناوچەیە ئەم بەسەرهاتانە بنووسێتەوە، هاوشێوەی کاکەییەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری مووسڵ.

### دەرئەنجام

کاکەیی (یارسان)، لە دێر زەمانەوە مێژوویان لە کوردستان هەیە، هەر ماوەیەک بۆ ماوەیەکی تر لە سەر دەستی سەرکردەکانیان نوێ دەبێتەوە و پەرە دەستێنی، هەرچەندە تووشی گیروگرفت و نالەباری زۆر هاتوون، ناوچەکانیان داگیر دەکرێت، زێدی باو باپیرانیان بەجێ دەهێڵن، تا لە کۆتاییدا لە ناوچەی گەرمیانی باشووری کوردستاندا لە خوار داقوق وەک خێڵێکی کاکەیی کۆ بوونەتەوە، نیشتەجێ بوون. بە نهێنی و لەسەر ڕێبازی سۆفیگەری بەردەوام بوون. ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوە ئەوەیە تا نەوەکانی کاکەیی (یارسان) لە باشووری کوردستان بەگشتی لە مێژوو و کولتووری خۆیان بەسەرهاتی باو باپیرانیان ئاگادار بن، هەروەها لە ئاسەوارە بەجێماوەکانیان لە پانتای کوردستان. خاڵی گرنگی ئەم بابەتە:

١) کاکەیی ( یارسان ) مێژوویەکی دێرینی هەیە.
٢) بە دریژایی مێژوو دەسەڵاتیان هەبووە لە چوارچیوەی دەوڵەت و میرنشین.
٣) بەرگریان لە خاک و وڵات و کولتووری خۆیان کردووە.
٤) لەم سەردەمە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی توندوتیژی و توقاندن لە لایەن تیرۆرستانەوە، سەرە ڕای تیرو توانج و تومەتی جۆراو جۆر.

٥) پیویستە دەسەڵاتداران پاریزگاری ناوچەکانیان بکەن تا دانیشتوان جیگیربن له سەر زیدی باو باپیرانیان.

٦) ڕیگری بکرێت لە پرۆژەی بە عەرب کردنی ناوچەکانیان که ناوچەیەکی کوردستانین.

**سەرچاوەکان**

١- باقر یاسین (١٩٩٩). تاریخ العنف الدموی فی العراق. توزیع دار الکنوز الادبیة: بیروت، لبنان.

٢- د. نوری یاسین هەرزانی (٢٠٠٧). الکاکائیة. دار آراس للنشر و الطبع: اربیل.

٣- قادر محمد حسن (٢٠١١). الأمارات الکوردیة فی العهد البویهی. مطبعة رۆژهەڵات: أربیل.

٤- ابراهیم الداقوقی العلویون(٢٠١٠). دار آراس للنشر و الطبع: اربیل.

٥- عباس العزاوی (١٩٤٩). الکاکائیة فی التاریخ. شرکة التجارة و الطباعة المحدودة: بغداد، العراق.

٦- سی. جی. ادموندز(١٩٧١). کرد ترک عرب، ترجمة جرجیس فتح الله.کتاب التاخی: بغداد.

٧- کریم زند(١٩٧١). الأدیان والمعتقدات فی کوردستان. مطبعة کامەران: سلیمانیة.

٨- شاکر خصباک (١٩٧٢). الاکراد دراسة جغرافیة اثنوغرافیة. جامعة بغداد: بغداد.

٩- بطرس البستانی(١٨٧٨). دائره المعارف،

١٠- دائره المعارف الأسلامیة، م ١٣.

١١- فؤاد حمه خورشید(١٩٧٩). العشائر الکوردیة. مطبعة الحوادث: بغداد.

١٢- هاشم عاسی کاکەیی(٢٠٢٠). مێژووی کاکەیی(یارسان). چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی.

١٣- سولتانی، محەمەد عەلی (٢٠١١). بزووتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس. چاپخانەی ئاراس: هەولێر.

١٤- مەنوچەهر،پارادۆست(٢٠١٤). جەنگی چالدێران. وەرگێرانی: وەفاء بداغی. خانەی موکریانی: هە ولێر.

١٥- سەفی زادە بۆرەکەیی، سدیق (١٣٧٦). نام ئاوەران یارسان. چاپخانەی حەیدەری: تەهران.

١٦- شەرەفخانی، بەدلیسی(٢٠٠٧). شەرەفنامە، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی. دە زگای مەدا: عێراق.

١٧- ئاکۆ، شاوەیس هاواری(٢٠١٧) هاوار خاکی پیرۆزی یارسان.

١٨- ئەیوب، ڕۆستەم (٢٠٠٦) یارسان. بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان.

١٩- نوری، تاڵەبانی(٢٠٠٤) ناوچەی کەرکووک. و. محەمەد مەلا کەریم. چاپخانەی ئاراس: هەولێر.

٢٠- نەجاتی، عبدالله(٢٠٠٥). چەند باسێک دەربارەی ئەهلی هەق، و. لە فرەنسیەوە، هەولێر.چ. وزارەتی ڕۆشنبیری.

٢١- تەیب، تاهری(٢٠٠٩). تاریخ و فەلسەفەی سەرەنجام. چ. ڕۆژهەڵات: هەولێر.

٢٢- کەیوان، ئازاد (٢٠٠٨). مێژووی دەرکەوتنی ئایینەکانی ئێزیدی و کاکەیی. چ. تاران.

٢٣- جەمال، نەبەز (٢٠٠٩). فەلسەفە و ڕامانی یارسان لە فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردەواریدا. چاپخانەی منارە: هەولێر.

٢٤- زرار سدیق، توفیق(٢٠١٨). کوردانی کاکەیی، ئەهلی هەق، و شەبەک. چاپخانەی خانی: دهۆک.

٢٥- سمکۆ، محەمەد(٢٠١١). ئایین و کەمینەکان لە کوردستان.. چاپخانەی هێڤی: هەولێر.

٢٦- محمد حسین، شوانی (٢٠٠٦). التنوع الاثنی و الدینی فی کرکوک.. مطبعة وزارە التربیة: أربیل.

٢٧- ڕەشاد میران(٢٠٠٠). ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، کتێبی سەنتەری برایەتی: هەولێر.

٢٨- لیژەگ، ژیگیلک (١٩٩٩) کۆمەڵێ لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر بە نوێ بوونەوە، و. لە ئینگلیزییەوە عەزیز گەردی. کتێبی سەنتەری برایەتی: هەولێر.

٢٩- سعد، سلوم(٢٠١٣) الاقلیات فی العراق. دار الرافدین للطباعة والنشر والتوزیع: بغداد.

٣٠- عیسی، سلیمان(١٩٧٦) اطلس المواقع الأثریة فی العراق، ، المدیریة العامة للأثار: بغداد.


## گۆڤار


٣١- گۆڤاری هاواری کەرکووک، ژ٣. ساڵی ١٩٩٩ز. ناوەندی ڕۆشنبیری کەرکووک دەری دەکات.

٣٢- گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق، دەستەی کوردی، ب٣، ب١٠، چ، کۆڕی زانیاری، بەغدا.

٣٣- کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کەرکووک(٢٠١٠). گۆڤاری کرکوک الیوم. مطبعة آراس: أربیل.


## چاوپێکەوتن


٣٤- گفتوگۆکرنێکی تەلەفۆنی لەگەل مەهدی موبارەک کاکەیی بەرێوەبەری گشتی کشتوکاڵ لە شاری کەرکووک.